## پلانی نوێی عروبە لەگەڵ شکست ڕووبەڕووە ... جەمال فەتاح

لەکاتی نزیک بوونەوەی دەنگدان بەدەستوری ئێراق سەرەڕای ئەوەی کەنوێنەرانی عەرەبی سونەی ئێراق بەتەواوی دەستورەکەیان رەد کردەوە هەروەها نوێنەری سونیەکانی ئێراق وای ڕاگەیاند پێویستە فیدراڵیەت لەدەستوردا لابردرێت یان لایکەم هەڵپەسێردرێت وە ئەوبڕگەش کەئەڵێت کەسێک ڕەگەزنامەی ئێراقی وەر ئەگرێت پێویستە کەباوکی ئێراقی بێت نەک دایکی. لەهەمانکاتدا هەڕەشەی دروستبوونی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆ ئەکەن. وەعومرو موسای سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی سەرەڕای ئەوەی لەڕاگەیاندنێکدا ڕایگەیاند کەجەنگی ناوخۆیی ئێراق لەسەر داگیرساندنەو لەدەقەی کۆتاییدایە. وەڕاشی گەیاند کەبەپەلە پێویستە کۆنگرەیەکی عەرەبی لەئێراق ولەبەغدا بێتە گرتن بۆئاشتبوونەوەی گشتی لەئێراقدا. زورنا ژەنانی الجەزیرە بەتایبەتی وعەرەب بەگشتی کەوتوونەتە هاتوهاوار بۆئەوبارودۆخە نوێیەو هاواری دروستبوونی جەنگی ناوخۆی ئێراق بەڕاستو چەپدا ڕائەگەیەنن لەهەمولایەکەوە هاتو هاواریانە. دیارە ئاشتبوونەوەی گشتی مەبەستیانە کە شێعە و کورد بەوەڕازی بکەن لەگەڵ بەعسیەکان وئیرهابیەکان ئاشتبوونەوە بکەن وەبەمەرجەکانی ئەوانیش ڕازیبین. دیارە مەرجی یەکەمی ئەوانیش لابردنی فیدراڵییە لەگەڵ کەرکوک پێشمەرگەو حوکمی ئیسلام لەئێراقدا وهتد.. دیارە ئەوە گەورەترین پلانە یەکەم دژی کوردو دووەم دژی شێعەکان کەعەرەبی سونەی جیهانی عەرەبی نەخشەیان بۆکێشاوە. ئەگەر بۆیان سەر بگرێت سەدامێکی دیکەمان بۆدروست ئەکەنەوەو حزبی بەعس باڵادەست ئەکەنەوەو لەوسا دڕندانەتر ئەکەونەوە گیانو ماڵوناموسی گەلەکەمان.

یەکەم دیارە لەیەکەم ڕۆژی ڕووخانی ڕژێمی بەعس وسەدامەوە عەرەبی سونە شەڕی ناوخۆی خۆیان بەپلەی یەک دژی کوردو بەپلەی دوودژی شێعەکان ڕاگەیاندووەو لەڕوی هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆو درێژەپێدانی هیچ درێغیان نەکردووە ئەوان نەکهەر جەنگی کوردیان کردووە بەڵکو هەرکەس هاووڵاتی کورد بووبێت چەکدار بووبێت یان بێچەک کرێکاربووبێت یان حەماڵ بەس کورد بووبێت ورێیکەوتبێتە ناوچە عەرەبیەکانی ئێراقی سونە گیانی سەلامەتی دەر نەبردووە. ئایا ئەمەی لەدووساڵی ڕابردوودا عەرەبی سونە کردوویانە بەتایبەتی لەشاری کەکوک وموسڵ وشوێنە داگیرکراوە کانیتری کوردستان لەبەرانبەر کورددا جەنگی خوێناوی ناوخۆیە یان گاڵتەمان لەگەڵ کراوە؟؟. کەهەر دەم کورد ئەوگشت کوشتنەی خەڵکی سڤیلی کوردی وەسەر خۆی نەهێناوە تەنها لەبەر ئەوەی هەتا بارودۆخی ئێراق ئارام ئەبێتەوە وبازوڕناژەنانی عەرەب نەیکەنە هاتو هاوارو هەڵگیرسانی ئەوجەنگە ناخۆییە بخەنە ملی کورد. دیارە کەپەنایان برد بۆکوشتنی کرێکارو حەماڵو ژنو منداڵ وخەڵکی سڤیلی کورد ئەوە ئەوپەڕی دڵڕەقی بێویژدانی ودەرون تاریکی عەرەبی سونەیە بەرانبەر بەنەتەوەیەک کەیەک سەدەیە داگیرمان ئەکەنو ئەمانچەوسێننەوە. دووەم عەرەبی سونەی جیهانی عەرەبی لەناردنی تیرۆریستو لەهاوکاری کردنیان بەچەکو بە تی ئێن تی وبە ئابوری و ورەیی لەپشتیانن وهیچ درێغیەکیان نەکردووە وئەوەزیاتر لەدووساڵ ونیوە خەڵکی سڤیلی ئێراق بەدەستە جەمعی ئەکوژن ئەوەدوساڵە ژیانیان لەخەڵکی ئێراق تاڵکردووە. تازەهەڕەشەمان لێئەکەن کەجەنگی ناوخۆی ئێراق لەهەڵگیرساندایە وبێن مساڵەحە لەگەڵ بەعس بکەن تەنەزول

بۆسونەبکەن ودەست لەمافەڕەواکانی خۆتان هەڵبگرن بۆیان. هێشتا عەرەبی سونە ماویەتی کاولی بکات. سێهەم من دڵنیام ئەم پلانەش وەکو هەرپلانێکی تری عەرەب لەگەل شکستوڕیسوایی ڕووبەڕوو ئەبێتەوە. بەڵاکوردیش پێویستە زۆر وشیارانە مامەڵە لەگەل ئەو بارودۆخە نوێەبکات چونکە ئەم پلانەنوێیە چەندە دژی کوردە ئەوەندەش دژی ئێران وشێعەکانی ئێراقە وەبەشێکی زۆری لەهەڕەشەکەی وەزیری دەرەوەی عەرەبستانی سوعودیەوە لەئێران دەستی پێکر کەوتی ئێران بەئاشکرا دەست لەکارو باری ناوخۆی ئێراق وەردەدات. ئەوجەنگە دێر بێت یان زو هەر دەرگای کورد ئەگرێت بەڵام باکورد دەستپێشخەر نەبێت لەوجەنگە. چونکە ئەگر هاتوو لەپێشدا دەرگای خودی عەرەبی گرت بەشێعەو سونەوە ئەوسا کورد لەلایەک براوەیەو لەلایەکی تر حکومەتی سەربەخۆی خۆی مسۆگەئەکات چونکە ئەگەر شەڕ دەرگای شێعەی گرت کۆتاییەکەی بەڕاگەیاندنی حکومەتێکی شێعە تەواو ئەبێت لەئێراقدا وەبەڕیسوایی سونەکانی ئێراقیش کۆتایی پێدێت چونکە ئەوان هۆکارو دەستپێشخەری ئەوجەنگە ناوخۆییە بێهودە ئەبن وئەنجامیش ناتوانن بەسەر شێعەی ئێراقدا سەرکەون چونکە بەژمارە دووهیندەی عەرەبی سونەی ئێراقن. بۆیە ئەوسا کوردیش مافی خۆی ئەبێت کە حکومەتی خۆی ڕابگەیەنێت ولەوعەرەبە سونیە کەلەوشکانە جیاببێتەوە بەبێ ئەوەی عەرەبی سونە بتوانێت هیچ بەرگریەک لەبارودۆخەی ئەو کاتو ساتەبکات. چونکە بەهەموبڕوایەک ئەوەعەرەبی سونەیە کەوەک سەر ئاوکەوتوو دەست بۆپوش ئەباتو بەناچاری خۆیئەخاتە ناو ئەجەنگە دۆڕاوە ماڵوێرانکەرە ناوخۆییە. .
جمال فتاح
2005/10/8